www.kurdistannet.org
16/07/2003 21:35

# کورد، چەمکی ئێتنیسیتە و هۆییەتی لە گۆڕانهاتوو

نووسینی: س. ماکوان

بەشی یەکەم

تێبینی:

ئەم نووسراوەیە چەند مانگێک بەر لە ئێستا لە گۆڤاری "سیاسەت"دا لە سوئێد بڵاو کراوەتەوە بە ناوی کورد لە چەمکی ئێتنیسیتەدا.

چەمکی ئێتنیستە Ethnicity سەرجەمی ئەو بایەخە کولتوورییانە لە خۆ دەگرێ کە کۆمەڵێک لە ئینسانەکان بە هۆییەتێکی هاوبەش پێناسە دەکا و ئەوان لە کۆمەڵێکی تر جوێ دەکاتەوە. ئەم جیاییە زۆر جاران لە نێوان کۆمەڵێکی بچووک واتە کەمایەتی و کۆمەڵێکی گەورەتر واتە زۆرایەتی دایە. لە راستیدا چەمکەکانی ئێتنیسیتە لە پێوەندی لەگەڵ دابەشکردنی ئینسانەکان بەسەر دەستە و گرووپی جۆراوجۆر و هەروەها جۆری پێوەندی نێوانیان بەکار دبرێ.

لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە تایبەتی لەپاش شەڕی دووهەمی جیهانی وشەی ئێتنیک Ethnic بۆ ناولێنان و جوێکردنەوەی جوولەکەکان، ئیتالیاییەکان، ئیرلەندییەکان و خەڵکانی تر لە زۆرایەتی بە رەچەڵەک ئینگلیزی بەکار براوە و بۆ نموونە ئێستاش دەگوترێ ئێتنیکی جوولەکە، ئیرلەندی و ئیتالیایی ئامریکایی. لە دەیەکانی ٧٠ و ٨٠ بۆ سەرەوە چەمکەکانی ئێتنیسیتە مانایەکی گشتیتر و خوێندنەوەیەکی جیاوازتری لێدەکرێ. بۆ نموونە چەمکی ئێتنیک بۆ گرووپێکی وەک هاوجینسگەراکان، ''قەڵەوەکان'' یان هەر گرووپێکی تر کە کۆمەڵە شتێکی هاوبەش، ئەوان لە کۆمەڵێک یان گرووپێکی تر جوێ بکاتەوە، بە کارد دەبرێ. بە تایبەتی خوێندنەوەیەکی ئەو جۆرە لە ئێتنیسیتە لە باسەکانی پاش نوێگەری ''پۆست مودێڕنیزم'' دا باوە. بەڵام لە تاریف و مانا کردنەوەی ئێتنیسیتە لە شێوەی کلاسیکدا، بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ئینسان بە ئێتنیکێکی جیاواز دابنرێن، دەبێ کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەبن کە ئەو جیاوازییانە بسەلمێنن وەک هەبوونی خاکی هاوبەش، کولتووری هاوبەش، مەزهەبی هاوبەش زمانی هاوبەش، خۆپێناسە کردنی هاوبەش و هەروەها ددان پێدانانی خەڵکانی تر بەو جیاوازییانەدا. دیارە زۆر گرینگە بگوترێ کە هەبوونی یەک یان چەند لەو تایبەتمەندییانە بەسە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک بە ئێتنیکی جیاواز بناسرێ و لە بناغەدا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە کە ئەو تایبەتمەندیانە هەموویان پێکەوە هەبن. لە باسی نوێ و خوێندنەوەی نوێ لە ئێتنسیتەدا بەتایبەتی پێ لە سەر تایبەتمەندیی ''خۆ پێناسە کردن'' دادەگیردرێ و زمان و کولتووری هاوبەش و شتی تر دەکەونە پلەکانی دواتر. واتە مەسەلەی گرینگ و بنەڕەتی ئەوەیە کە ئینسانەکان بە چی و چۆن خۆیان پێناسە دەکەن و خەڵکانی تر چۆن ددان بەو پێناسەیەدا دەنێن و هۆییەتی هاوبەش ئەوان دەسەلمێنن.

لە خوێندنەوەی نوێی کۆمەڵناسیانەدا، ئێتنیسیتە وەک شتێکی نەگۆڕ و داخراو نانرخێندرێ، بەڵکوو ئێتنیسیتە وەک بەرهەمی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینرێ. ئێتنیسیتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە هەردەم لەگۆڕان و نوێ بوونەوەدایە و فاکتۆرەکانی وەک نوێگەری ''مۆدێڕنیزم''، پاش نوێگەری ''پۆست مۆدێڕنیزم'' و جیهانی بوون ''گلۆبالیزاسیۆن'' ئاڵوگۆڕی قووڵیان بە سەر چەمکی ئێتنیسیتەدا هێناوە.

## -تیۆری ئێتنیسیتەی سەرەتایی Primordial Ethnicity

تێۆری پرایمۆردیال یان سەرەتایی بەوە دەگوترێ کە ئینسان لە نێو چوارچێوەی گرووپێکی ئینسانیدا کە خاوەنی رێ و شوێن و بایەخە تایبەتییەکانی خۆیانن و جیاوازن لە گرووپێکی تر لە دایک دەبێ و لەگەڵ ئەو بایەخ و کولتوورە تایبەتییانە گەورە دەبێ و هەر لە منداڵییەوە بەوان فرچک دەگرێ. ئینسان بە گرووپێکەوە دەبەسترێتەوە کە پێش لە هەموو شتێک زمانێکی هاوبەشیان بۆ لێتێگەیشتنی یەکتری هەیە. یەکەم زمان یان زمانی دایکی پێوەندییەکی هەستیارانە لە نێوان ئەو ئینسانە و کەسانی تردا دادەمەرزێنێ. بۆ نموونە کەسێک وەک فەرنسەویی لە دایک دەبێ، لە گەڵ زمانی فەرانسەوییش گەورە دەبێ. لێرەدایە کە چەمکەکانی ''ئێمە'' و ''ئێوە'' سەر هەڵدەدەن و ئینسانەکان جیاوازی لە نێوان خۆیان و گرووپی خۆیان و خەڵکی تر و گرووپی تردا دادەنێن. وەک ئەزموونەکان لە ئوروپا نیشانیان داوە کاتێک هەوییەتی نەتەوەیی لەگەڵ ئێتنیسیتەی سەرەتایی گرێ بدرێ، ناسیۆنالیسمی لێ پەیدا دەبێ و لە ناسیۆنالیسمێکی بەرتەسکی ئاواش ''نازیزم'' و ''فاشیزم'' سەرهەڵدەدا.

ئـەم تیۆرییە بـە زۆری لەسـەر کۆمەڵـگای دوواکەوتـوو وەڕاسـت دەگەڕێ، چونکە ئیتنیسیتەی سەرەتایی و هۆیەتێکی هاوبەش لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا دایم لەبن ئەوژمی گۆڕانگاری دایە.

بـەڵام با بـزانین ئایا دەکرێ ئەم تیۆرییە لەسەر پێناسی سەرەتایی کورد بگونجێندرێ؟ لە پێش هەموو شتێکدا کورد لە نێو چەند وڵاتـدا بـە چەنـد کولـتووری جـیاواز و بایەخـی جۆراوجـۆرەوە دابەشـکراوە و لـە مێژوویەکی دوورودێژدا زمان، کولتوور و مەزهەبی ئەو وڵاتانـە، شـوێنەواری قووڵـیان بەتایبەتی لەسـەر ”کەسـیبیەتی” و هـەروەها مەنتالیـتەی کـوردیش دانـاوە. بـۆ نمونە هەتا ٢٠ ساڵێک لەمەوبـەر لـە باکـووری کوردسـتاندا بێجگە لە ناوچە سنوورییەکان دا نەبێ تـەنانەت کورد وەک کورد لە دایک نەدەبوون، یانێ بە زمان و بایەخـە کوردیـیەکان گـەورە نەدەکـران. ئەمـەش بـە هـۆی گەلاڵـەیەکی درێـژخایەنی سیاسـی و دەوڵـەتی کـە هـەوڵ دەدرا کـورد بتوێندرێـتەوە یـانassimilate بکـرێ. لـە باشـوور و رۆژهـەڵاتی کوردسـتانیش دا لەگەڵ ئەوەی دەکرێ بگوترێ کە کورد لە گەڵ زمـان و بایەخـە کولـتووریەکانی کـورد گـەورە دەبـن. بـەڵام لـە چوارچـێوەی مـاڵ بـە دەر لـە ژێـر شـوێنەواری کولـتووری نەتـەوە سەردەسـتەکاندان. دیـارە گۆڕینی بایەخە ئێتنیکی و کولتوورییەکان لە هەمووشوێنێک و لە لای هەموو ئیتنیکی و نەتەوەیەک روودەدا و ئـەم ئاڵـوگۆڕە وەک پرۆسـەیەکی سروشـتی و نـۆرماڵ چاوی لێدەکـرێ. چونکە کولتوور لە خۆیدا هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتیە و بە بـەرەو پێشـچونی کـومەڵ کولـتووریش دەگـۆڕدرێ. بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا جـێگای سـەرەنجە ئەوەیـە کـە لـە لای کورد زۆر جاران ئەو ئاڵـوگۆڕە کولتوورییـانە رەوتی سروشـتی خـۆیان تـێ نەپەڕانـدووە و زۆرجـاران بـە ئەنقەسـت و مەبەسـتی سیاسـی هـەوڵ دراوە بـە شـێوەیەکی دەسـتکرد و بـە قازانجـی نەتەوەی سەردەست جۆرێک لە ئاڵوگۆڕ و شێواندن لە کولتووری کوردیدا ئەنجام بدرێ. هەربۆیە دەبیـندرێ کولـتووری کـوردی یەکدەست نییە و بە زەقی شوێنەواری کولتووری فارسی، عەرەبی و تورکی پێوە دیارە. بەو حاڵەشەوە ئـەم تـێکەڵاوی و رەنگاوڕەنگی کولـتووریە لای کورد نابێ وەک شتێکی نەگەتیڤ یان کەمایەسی لێکبدرێتەوە بەڵکوو تەنانەت دەکرێ وەک دەوڵـەمەندی بژمێـردرێ، چـونکە وەک پێشـتر ئامـاژەی پێکـرا کولتوورەکان دایم لە ئاڵوگۆڕدان و لە یەکتری شت وەردەگرن. لە لایەکـەوە مەسـەلەی گـرنگ و بنـەڕەتی لـە کولـتووری هەر گەلێکدا چۆنییەتی ”خۆ پێناسە کردنە”، واتە وەک کورد خۆپێناسە کردن بەسـە تەنانـەت بـۆ کوردێک کە زمانی دایکی خۆی نازانێ نەک ئەوەی زمان یان کولتووری ئەو کەسە شێوێندراوە، لە لایەکی تریشەوە یەکـەم لەبـەر داخـوازای سیاسـی کـورد بـۆ وەدەسـهێنانی مـافی چارەنووسـی خـۆی و دووەم لەبەر زوڵم و زۆرێک لە لایەن نەتەوەکانی سەردەسـتەوە پێـی ڕەوا بیـندراوە، ئـەوە جۆرێک هوییەتی هاوبەشی سیاسی و لێکگرێدراوی و پێوەندی ئێخلاقی لە نێو هەموو کوردا ئیتـر لەهـەر بەشـێکی کوردسـتان بـن، پەیـدا بـووە و بـە جـۆرێک ناسـنامە و هوییەتتێکـی هاوبەشـی ”نەتەوەیـی” لە نێو کوردەکاندا خەریکـە دروسـت ببـێ. لێرەدایە کە دەکرێ باس لەوەوە بکەین کە هەویەتی سەرەتایی کوردی گۆڕانی بەسەردا هاتووەو دەتوانین ئەم گۆڕانکارییە لە گەڵ تیۆری ئێتنیسیتەی هەلومەرجیدا بگونجێنین

## -تیۆری ئیتنیسیتەی هەلومەرجیی Situational Ethnicity

لـەم تـیۆریەدا ئیتنیسـیتە وەک دیاردەیەکـی کـۆمەڵایەتی دەبیـندرێ کـە بـە پێـی بارودۆخـی شوێن و کات ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. ئێتنـیک بـە پێـی بارودۆخـێک کـە تێـیدا دەژی و بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە ئامانجـە سیاسـی و ئابوورییەکان دەگۆڕدرێ و ئاڵوگۆڕ لە چوارچـێوەی گـرووپ و کۆمەڵـی ئێتنیکـیدا پێکدێ. بایەخە کۆنەکان کارکردی خۆیان لەدەسدەدەن و بایەخی نوێ و گونجاو کە لەگەڵ هەلـومەرجدا بگونجـێن جێگەیان دەگرنەوە. چەمکی ئێتنیسیتە تەنیا لە پێوەندی لە گەڵ بایەخەکاندا بەکار نابرێ بەڵکوو لە پێوەندی نێوان گرووپ و کۆمەڵە جیاوازەکان وەهەروەها جۆر و شێوازی ژیانی ئێتنیکیشدا باسی لێوەدەکرێ.

ئاڵـوگۆڕەکان لـە ئێتنـیکدا لـە کۆمەڵگای دواکەوتوودا بە شێنەیی و لەسەرەخۆیی دەچنە پێش. بەڵام لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا، ئەنـدامانی ئێتنـیکەکان بـە پێـی بـارودۆخ دەگـۆڕدرێن و لـە راسـتیدا گـۆڕان لـە خـۆیدا وەک ئامانجـێک دەبێ کە لەودا مرۆڤەکان چ بە دڵـخوازی بـێ یـان ناچـاری ملـی بـۆ ڕادەکێشـن. ئینسـانەکان لـە ئێتنسـیتەی هەلومەرجـیدا خـۆیان بەتاقـە هۆیەتێکەوە واتە هۆیەتی پـرایمۆردیال یـان سەرەتایی نابەستنەوە بەڵکوو لە نێوان هۆییەتی جۆراوجۆردا لە هاتووچۆدان. بۆ نموونە کەسێکی ئاڵمانی سەرەڕای هەبـوونی هۆییەتێکـی ناوچەیی یان هەوییەتێکی نەتەوەیی وەک هاووڵاتی ئاڵمانی بوون دەتوانێ خۆیشی وەک ئوروپاییەکیش پێناسە بکـا. لـە هـەمان کاتـدا ئـەو کەسـە دەکـرێ ”فیمینیسـت” یـان ”تێکۆشـەری ژیـنگە” ش بـێ و زیاتـر خـۆی لـە فیمینیسـت یـان تێکۆشـەرەکانی ژیـنگە لـە شـوێنەکانی تـری جـیهان بـە نزیکتـر بزانێ هەتا کەسانێکی تری ئاڵمانی هاووڵاتی خۆی کە فیمینیست یان

www.kurdistannet.org

تێکۆشـەری ژینگە نـین. واتـە ئـەو کەسە لە هەمان کاتدا چەند هەویەتی جۆراوجۆری هەیە و دەتوانێ خۆی وەک هامبورگی، ئاڵمانی، ئورەپایـی و فیمینیسـت پێناسە بکا. لەگەڵ ئەوەی ئێتنیسیتەی سەرەتایی رۆژ لەگەڵ رۆژ لە کزبوون دایە و هەوییەتی جۆراوجۆری تر جـێگەی پـڕ دەکەنـەوە بـەڵام هێـندێک جـاریش تەنانەت لە جەرگەی مۆدێرنیزمی ئوروپادا مەیل و گەڕانەوە بۆ هۆییەتی پرایمۆردیال و سـەرەتایی لێـرە و لـەوێ دەبینـرێ. سەرهەڵـدانی راسـیزم یـان رەگەزپەرەسـتی لـەم سـاڵانەی دواییدا لە ئوروپا دەکرێ وەک جورێک گەڕانەوە بۆ هەویەتی سەرەتایی بژمێردرێ. . . . . . .

. . . . . . **درێژەی هەیە**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org